وتەبێژی یەکێتی: داوای دواخستنی هەڵبژاردن لە کەرکوک، ئیفلاسی سیاسییە



وتەبێژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەڵێت: "پێویستە بە گوتینەوە بچینە هەڵبژاردن و داوای دواخستنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، ئیفلاسی سیاسییە".

سەعدی ئەحمەد پیرە وتەبێژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە میانی بەشداریکردنی لە ڕووسمی چڵەی ماتەمینی مشیر گەرتەیی پەشمەرگەی دەرینی حیزبەکەی لە هەولێر لەبارەی هەڵبژاردنی پاریزگاکانی عیراق ڕایگەیاند: "پێویستە بە گوتینەوە بچینە هەڵبژاردن و بەتوانا و هێزێکی زیاترەوە کەشی هاووڵاتیان چارەسەر بکەین و ئەو ماددە دەستوریانەی پێیوستە بە ناوچە جێناکۆکەکان کاری جدی بە بکەین".

وتیشی"داوای دواخستنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، لەلایەن هەندێک لایەن و پێکهاتەوە، ئیفلاسی سیاسییە و هەرگیز نابێت کەرکوک هەڵبژاردنی تێدا ئەنجام نەدرێت"، سەعدی پیرە وای وت.